ژینگە محەمەد
راهێنەری فێرگەی منداڵانی قەڵادزێ:

# کەمبوونی راهێنەری کچ وایکرد بیر لە راهێنەرایەتی بکەمەوە



یاریی تۆپی پێ لە ئێستادا بەهۆی چەندین ئەستێرەی دیارەوە جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، لە شارەکانی کوردستانیش بە کردنەوەی چەندین فێرگەی تۆپی پێ رۆژانە رێژەیەکی زۆر لە منداڵانی قەزا و ناحیەکان روو لە فێرگەکان دەکەن، قەزای قەڵادزێ یەکێکە لەو قەزا بەرفراوانانەی کە ناوچەیەکی زۆر لەخۆ دەگرێت و خاوەنی وەرزشکارانی بەتوانایە لە سەر ئاستی کوردستان لە یارییە جۆراوجۆرەکان، تیپی تۆپی پێی فێرگەی ئەو شارەش یەکێکە لەم تیپانەی کە ژمارەیەك یاریزانانی بەتوانای لەسەر ئاستی کوردستان هەیە. ژینگە محەممەد، یەکێکە لەو وەرزشوانانەی کە رۆڵێکی باڵای لە بواری راهێنەری هەیە، ئەو راهێنەرە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری قەڵادزێیە و راهێنەری تیپی فێرگەی کچانە لە شارەکە و قوتابیی پەیمانگای وەرزشییە لە قەزای رانییە، وەك هاوڕێکانی باسی دەکەن، ئەگەرچی بە تەمەن بچووکە، بەڵام هیوای گەورەی هەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی
فۆتۆ: ئاراس بارتێز

*** چۆن بوو بواری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

-من هەر لە منداڵییەوە خولیای تۆپی پێم هەبووە، بەڵام نەبوون، یان کەمبوونی راهێنەری کچ وایکرد، بیر لە راهێنەرایەتی بکەمەوە. ئێستاش دەمەوێ لەو تەمەنە بچووکەوە، خزمەت بە تۆپی پێ بکەم.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە، بەتایبەتی یاریی تۆپی پێ کە کەمتر کچان خۆ لە قەرەی دەدەن؟**

- راستە کارێکی قورسە، بەڵام من حەزە وەرزشییەکەم زاڵە بەسەر هەموو کۆسپەکاندا.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە لە شاری قەڵادزێ تیپێکی تۆپی پێی کچان دروست بکەی؟**

- بێگومان بیرم لەوە کردۆتەوە کە تیپێکی تۆپی پێی کچان دروست بکەم و لە ئێستادا لە فێرگەکەمان فێرگەی تۆپی پێی منداڵانی قەڵادزێ بەشی کچانمان کردۆتەوە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی کچەکان فێری یاریی تۆپی پێ دەکرێن .

*** ئاستی یاریی تۆپی پێی کچان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- واهەست دەکەم وردە وردە وەرزش لە کوردستان بەرەوپێش دەچێت. داواکارم کچان متمانەیان بە خۆیان هەبێت و بێنە ساحەکەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

- دەبێت لە هەموو شارو شارۆچکەکان فێرگەی تۆپی پێ هەبێت. یاریزانانیش مادام خۆیان یەکلایی کردۆتەوە بۆ وەرزش، دەبێت دەستکەوتێکی مادییان هەبێت.

*** بەرنامەت بۆ خۆت وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار چییە؟**

- وەك باسم کرد لە بەرنامەمدا هەیە لە داهاتوودا تیپێکی تۆپی پێی کچان دروست بکەم . هیواداریشم بتوانم رێگە خۆشکەرێك بم بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دیانەوێت لە بواری وەرزش بێنە پێشەوە، هەوڵیش دەدەم لە داهاتوودا راهێنەرایەتی تیپی کچان و کورانیش بکەم، بەرنامەشم داناوە پلەی خوێندنی دکتۆرا لە بواری وەرزش بەدەست بهێنم و هیوادارم رۆژێك بێت، یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم.

*** چی بەو کچانە دەڵێی کە خۆیان لە بواری ناوبژیوانی و راهێنەرایەتی نادەن؟**

- راستە لە کوردستان ئافرەت بیت و کاری راهێنەرایەتی بکەیت ئاسان نییە، بۆیە من بە هەموو ئەو کچانەی کاری حەز دەکەن کاری راهێنەرایەتی بکەن، دەڵێم مەوەستن و سارد مەبنەوە و دەست بە خەونەکانتانەوە بگرن و بەردەوام بن، چونکە نەوەیەکی تەندروست و رۆشنبیر و سەرکەوتوو لە دەستی ئێوە دایە و کوردستانیش پێویستی بە نەوەیەکی لەم جۆرە هەیە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیوادارم زیاتر پەرە بە فێرگەکانی تۆپی پێ بدەن و داواکارم بە هەمان شێوەی کوڕان گرنگی بە کچە وەرزشکارەکانیش بدرێت.

*** هۆکاری چیە کچان نایەنە نێو بواری وەرزشی لە کوردستان؟**

- بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی ئێمە کاری کچانیان زیاتر بە ناوماڵ و خزمەتکردن و فەرمانبەری گرێ داوە، بۆیە دوورن لە خولیای وەرزشی.

*** بیستوومانە ماوەیەکە نیازی وازهێنانت هەیە لە تۆپی پێ، هۆکاری ئەوە چییە؟**

- لە ئێستادا بۆ ماوەیەکی کاتی وازم لە یاریی تۆپی پێ هێناوە، هۆکاری واز هێنانەکەشم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە قەڵادزێ هیچ گرینگی بە وەرزشی ئافرەتان نادرێت و کەسێکی خەمخۆر نییە تا گرینگی بە تیپی کچان بدات و راهێنەرایەتی و سەرپەرشتییان بکات، من وازم هێنا بۆ ئەوەی ئەو کچانەی دوای من دەست بە یاریکردن دەکەن، بێ راهێنەر و بێ سەرپەرشتیار نەبن و کەسێك هەبێت گرینگیان پێ بدات و خەمخۆریان بێت.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتم بوون و زۆر سوپاسی مامۆستاکانی قوتابخانەم و پەیمانگام دەکەم کە زانیاریی زۆر باش لە ئەوانەوە فێر بووم، زۆر سوپاسی راهێنەرانی فێرگەی تۆپی پێی منداڵانی قەڵادزێ دەکەم، بەتایبەت مامۆستا عبدولڕەحمان ئەحمەد و مامۆستا فەریدون ئەحمەد کە هەمیشە پاڵپشتم بوون و فێریان کردووم چاونەترسانە کارەکانم ئەنجام بدەم، زۆر سوپاسی فۆتۆگرافەری وەرزشی شارەکەم ئاراس بارتێز دەکەم و زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان.






# پێشمەرگەی هەولێر دوو پیشەگەری یەمەنی هێنایە ریزی یانەکەیەوە



تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەمساڵ کە ئاستێکی شایستەی پێشکەش کردووە لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و بەردەوام لە کێبڕکێدایە لەسەر وەرگرتنی پێشەنگی یانەکانی خولەکە، بە مەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەش و بەردەوامیدان بە ئاست و ئەنجامی باشتر لە یارییەکانی داهاتوو، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێك و گۆڵپارێزێکی هەڵبژاردەی تۆپی پێی یەمەن مۆرکرد، لە بارەی مۆرکردنی گرێبەستەکانیش کاوە ئیبراهیم راهێنەری گۆڵپارێزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە ئامانجی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە کاپتن محەممەد ئیبراهیم عیاش گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی یەمەن و یانەی هیلالی ساحلی لە حودیدە و ئەحمەد سادق خمری یاریزانی هێڵی بەرگریی هەڵبژاردەی یەمەن کە پێشووتر بۆ هەریەك لە یانەکانی شوعلە و تلالی یەمەنی و ئەهلی قەتەری و یانەکانی مینا و بەحری لە وڵاتی عێراق یاری کردووە. ئەو یاریزانە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات، خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاریکردن، جێگای ئاماژە پێکردنە کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەمساڵ تەنیا ئەم دوو یاریزانی پیشەگەری یەمەنی هێناوەتە ریزی یانەکەی بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتوو بتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەو ئاستەی کە ئێستا پێشکەشی دەکات لە یارییەکانی خولی نایاب و ئامانجی ئەوەیە بتوانێ لەو خولەدا ژمارەیەکی گەورە بێت.»

## دەربەندیخان خۆی بەهێز دەک

گەرمیان ئەمساڵ دوو نوێنەری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان هەیە و یانەی دەربەندیخان شان بە شانی یانەی شێروانەی شاری کەلار شەڕی یانەکانی دیکەی کوردستان دەکات لە خولەکە، تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخانیش ئەمساڵ کە یەکەمجارە لە خولە گەورەکەی کوردستان بەشدارە، سەرەڕای قەیرانی دارایی کە بەرۆکی یانەکەی گرتووە، بەڵام دڵسۆزیی هاندەرانی شارەکە تیپەکەی ناچار کردووە کە بە هیچ قەیرانێك پەکی نەکەوێت، لەم بارەشەوە هۆگر عەبدوڵا راهێنەری تیپی تۆپی پێی دەربەندیخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپی تۆپی پێی یانەکەمان بۆ یەکەمجارە بەشدارە لە خولی نایابی کوردستان، بەڵام ئامادەکارییەکانمان زۆر باش نەبووە، چونکە لە ماوەی بەر لەدەست بە کاربوونی من چەند راهێنەرێکیان گۆڕیوە، ئێستاش کە ئێمە تیپەکەمان لەئەستۆیە، دەمانەوێ بەم یاریزانانەی



# نەورۆز شەڕی سەرجەم یانەکان دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز ئەمساڵ شان بە شانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە خولە گەورەکەی کوردستان نوێنەرایەتی شاری سلێمانی دەکات، سەرەڕای ئەوەی یانەکە لە یەکەم یاری دوچاری شکستێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام لە کۆی ئەنجامدانی چەند یارییەکی قۆناخی یەکەم ئاستێکی باشی پێشکەش کردووە، یانەکەش بڕوا و متمانەی تەواویان بە خۆیان هەیە بەوەی کە دەتوانن شەڕی سەرجەم یانەکانی کوردستان بکەن و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن. هەر لەو بارەیەوە جێگر عەبدوڵا سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئامادەکارییەکی یەکجار باشمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی شایستە لەم وەرزە بەدەست بهێنین، ئامادەکاریی تیپەکەمان لە کۆتایی مانگی هەشتەوە دەستی پێ کردووە، جگە لەوەش کەمپی مەشقیشمان ئەنجامداوە و گۆڕانکاریمان لە پێکهاتەکەش کردووە، ئێمە لە گشت روویەکەوە ئامادەین بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان، بەڵام لە یەکەم یارییەکەی خولی کوردستان دوچاری شکست هاتین، ئەویش لەسەر هەڵەکانی خۆمان بوو، ئەگەرنا ئاستی ئێمە زۆر باشتر بوو، ئێستا کار لەسەر ئەو هەلانەی یاریی رابردوو دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە خۆماندا بچینەوە و لە یارییەکانی داهاتوو ئاستی باشتر پێشکەش بکەین.» گوتیشی: «ستافی راهێنەری یانەکەمان متمانەی تەواویان بە خۆیان هەیە کە دەتوانن ئەمساڵ یەکێك بن لە تیپە رکابەرەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان چونکە هیچ گرفتێك لە یانەی نەورۆز بوونی نییە و گرفتی دارایشمان نییە، چونکە بەپێی توانای خۆمان کارەکانمان رێکخستووە.» لە بارەی گۆڕانکاریش لە تیپەکە گوتی: «زیاتر لە حەوت یاریزان لە یانەکە نەماون و ئێمەش حەوت یاریزانی تازەمان هێناوەتە ریزی یانەکە، لە هەوڵی ئەوەشین دوو یاریزانی دیکە بهێنین، رەنگە یەکیان هەر لە ناوخۆ بێت و یەکێکیش یاریزانی پیشەگەر بێت، بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتییانەی لە هێڵەکان هەمانە، بە هاتنی ئەوان ئەوەش نەمێنێ.» ئەوەشی خستەڕوو کە لە یانەی نەورۆز هیچ یاریزانێك گرێبەستی نییە و تەواوی یاریزانان بە شێوازی مووچەن، گوتیشی: «ئەمساڵ سیستەمی گرێبەستمان نەبووە، بەڵام یاریزان هەیە سێ مانگ جارێك مووچەکەی پێ دەدەین، ئەمساڵیش خولی نایابی یانەکانی کوردستان٢٦ یارییەو دوو قۆناخە بۆ یانەکان و زۆر باش دەبێ بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن لەسەر ئەنجامی گەورە چاویشمان لە ئەنجامی گەورەیە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆیە دەمانەوێ ببینە یەکێك لە یانە بەهێزەکان و رکابەرەکانی خولەکە.»

ـــــات

کە هەمانە، ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، لە رووی ئاستی یاریکردنیشەوە ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە، بەڵام ناتوانین گۆڵ بکەین وەکو پێویست لە یارییەکان، ئێستاش قسەمان کردووە لەگەڵ چەند یاریزانێك بۆ ئەوەی تیپەکەی پێ بەهێز بکەین، ئۆبامینگی نێجیری یاریزانی پێشووی یانەی برایەتیمان هێناوەتە یانەکە و هەوڵدەدەین یاریزانێکی تریش بهێنین و بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەش قسەمان لەگەڵ دڵسۆزانی یانەکە کردووە، بۆ ئەوەی یانەکە لەم قەیرانە رزگار بکەن، بەم کۆمەڵە یاریزانە لاوەش ئاستێکی باشمان پێشکەش کردووە.» لەبارەی مووچەی یاریزانانیش گوتی: «مووچەکان بەپێی ئاستی یاریزانانە لە ١٢٠هەزار دینارەوە دەست پێ دەکات، تاکو یەك ملیۆن دینار.» گوتیشی: «بەشداریکردنمان لە خولی نایابی کوردستان تەنیا لەبەر خۆشەویستیی هاندەرانمان بووە، کە ئەوان هۆکار بوون، چونکە ئەم بارودۆخە داراییە خراپە بۆ ئێمە باش نەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدمان زۆرە ئاستی تیپەکە زیاتر بەرەوپێش ببەین، ئومێدی ئێمەش بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان مانەوەیە لەم خولە گەورە بۆ ئەوەی بوونی خۆمان وەکو شارەکە لە نێو وەرزشی کوردستان بسەلمێنین کە بەم بارودۆخە بەشدارین لە خولێکی وا گەورە.



# هازارد هەڕەشەی جێهێشتنی یانەکەی دەکات

ئێدین هازارد ناوەڕاستکاری بەلژیکی یانەی چێلسی ئاشکرای دەکات، کە لەوانەیە هاوینی داهاتوو ریزەکانی یانەکەی جێبێهڵێت ئەگەر لەو ماوەیەی، کە گرێبەستەکەی ماوە هەوڵ بۆ درێژ کردنەوەی نەدرێت و رەتیکردەوە پەیوەندی بە ریزەکانی پاریس سانت جێرمانی فەڕەنسی بکات.

هازارد لەمبارەیەوە گووتی: ئێستا لە یانەکەم ئاسودەم و لێرە دەمێنمەوە و ساڵێکی دیکە لە گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەکەم ماوە، ئەگەر لەم ماوەیەدا نەگەیشتینە رێکەوتن لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم، ئەوا ئەو کاتە دەتوانم یانەکەم جێبهێڵم، بەڵام بە هیچ شێوەیەک زستانی ئەمساڵ یانەکەم جێناهێڵم و ئەم کارە لەگەڵ هاندەرانی چێلسی ناکەم و بە دڵنیاییەوە لێرە بەردەوام دەبم، بەڵام لەوانەیە هاوینی داهاتوو لەندەن جێبهێڵم و پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەوە بکەم.

هازارد گوتیشی: راستە بەرپرسانی پاریس سانت جێرمان داوایان لێکردووم، کە پەیوەندی بە یانەکەیانەوە بکەم، بەڵام ئەگەر بمەوێت بگەڕێمەوە فەڕەنسا، ئەوا بە بێ دوو دڵی یاری بۆ یانەکەی پێشووم لیل دەکەم، کەواتە هیچ ئەگەرێک نییە بۆ ئەوەی دووبارە بگەرێمەوە خولی فەڕەنسا.




# راهێنەری مەدرید باسی ئەستێرەیەکی پێشووی یانەکەی دەکات

سانتیاگۆ سۆلاری راهێنەری ریال مەدرید لە لێدوانێکدا، کە لە ماڵپەری کالچیۆ مێرکاتۆی ئیتاڵیا بڵاو بۆوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هێشتا کریستیانۆ بەشێکە لە مێژووی ریال مەدرید و گوتی: راستە کریستیانۆ رۆناڵدۆمان لەدەستداوە، بەڵام مێژووی ریال مەدرید هەر وەك خۆیەتی.

سۆلاری زیاتر گوتی: راستە بەهۆی رۆیشتنی کریستیانۆ هێڵی پێشەوەمان لەم وەرزە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بۆتەوە، چونکە سرووشتی تۆپی پێ بەمجۆرەیە ئەگەر براوە نەبێت دەبێت چاوەڕوانی رەخنەی زۆر بیت.

سۆلاری گوتیشی: نکۆلی لەوە ناکەین کریستیانۆ پاڵەوانێکی گەورە بوو، راستە ئێستا ئەو یاریزانە درێسی یوڤێنتۆسی پۆشیوە، بەڵام ئەو هەر بەشێکە لە مێژووی ریال مەدرید.

سۆلاری دەشڵێت: پێویستە هەموومان پاڵپشتی یەکتربین و جارێکی تر ناوی ریال مەدرید بەرز بکەینەوە، لەم پێناوەیشدا سەرۆکی ریال مەدرید لە هەوڵی بەردەوام دایە، بۆیە پێویستە هەمووومان ئارامبگرین و ئەم دۆخە بەیەکەوە تێپەڕ بکەین.





# نێیمار و پاریس سانت جێرمان بڕیاری خۆیان داوە

سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی ئەورووپا ئاشکرای کرد، کە نێیمار و بەرپرسانی پاریس سانت جێرمان لەسەر جیابوونەوە لەیەکتر گەیشتنە ڕێککەوتن.

ڕۆژنامەی توتو سپۆرتی ئیتاڵیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە نێیمار لە خولی فەرەنسا زۆر دڵتەنگە و پێداگیری لەسەر جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان دەکات، لەم پێناوەدا بەرپرسانی یانە پاریسییەکە گوێیان بۆ داواکارییەکانی نێیمار گرتووە و لەسەر جیابوونەوە ڕێککەوتوون.

بە گوێرەی سەرچاوەکە، بەرپرسانی سانت جێرمان ڕەزامەندیان نیشانداوە لەسەر ڕۆیشتنی نێیمار لە هاوینی ٢٠١٩ بەمەرجێك هەر یانەیەك ئارەزووی گواستنەوەی نیماری کرد ٢٠٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانە فەرەنسییەکە.

سەرچاوەکە چارەنووسی نێیمار لە دوای پاریس سانت جێرمان بە دوو ئاراستە پێشبینی کردووە، یەکەمیان گەڕانەوەی نێیمارە بۆ خولی ئیسپانیا و لە نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە خۆی یەکلایی دەکاتەوە.

سیناریۆی دووەم پەیوەندیکردنی نێیمارە بە یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی.

نێیماری تەمەن ٢٦ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٣ لە یانەی سانتۆسی بەرازیلییەوە بە بەهای ٨٨ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە بەرشلۆنە، لەگەڵ یانە کەتەلۆنیاییەکە لە ١٨٦ یاری، ١٠٥ گۆڵ و ٧٦ ئاسیستی کرد، دواتر لە هاوینی ٢٠١٧ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە هەڵوەشاندەوە و بە ٢٢٢ ملیۆن یۆرۆ درێسی پاریس سانت جێرمانی بەرز کردەوە، لەگەڵ یانە فەرەنسیەکە لە ٤٦ یاری، ٤١ گۆڵ و ٢٣ ئاسیستی تۆمار کرد.

